نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز جەلال تاڵەبانی

بابەت: زیندانیکردنی هاوڵاتی ئەبوبەکر حەسەن

وەکو ژنێکی خەباتگێڕ و دڵسۆز بۆ نەتەوەکەم، بە پێویستی دەزانم رۆشنایی بخەمە سەر هەندێ راستی کە گومانم هەیە لەوەی لە لای جەنابتان شاراوە بێت.

مەسەلەی عێراق جارێکی دیکەش کوردی هێنایەوە ریزی پێشەوەی هەواڵەکانی مێدیای جیهانی. هەموو ئاخاوتن و راگەیاندنێکی رۆژنامەگەریی سیاسەتمەدارانی کورد لەو بەشەی کوردستان بەخێرایی دەگاتە دەرەوە و دەبیسترێ. ماوەی چەند هەفتەیەکە، بە تایبەتی لەگەڵ کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە سەلاحەددین، کوردستانی باشور بۆتە بنکەی نوێنەرانی مێدیای جیهانی. دەیەها رۆژنامەنووس راستەوخۆ لە هەولێر و سەلاحەددین و سلێمانیەوە هەواڵەکانی ناوەوە بە جیهان دەگەیەنن. بۆیە هیچ شتێ شاراوە نیە، هەرچی بکرێ دەوترێ و هەرچی بوترێ لەسەری دەنووسرێ.

خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی دژی پیلانی داهاتووی تورکیا و هەڕەشەی هێرشهێنانی بۆ سەر کوردستانی عێراق سیمبۆلێکی گەورە بوو بۆ گوزارە کردن لە خەون و ئاواتی دێرینی نەتەوەی کورد. لە هەمان کات ئەم کردەیە واتای ئازادی رادەربڕین و دیموکراسیەت دەگەیەنێ لە هەرێمی کوردستان. رووداوی لەمجۆرە مایەی شانازیە بۆ مرۆڤی کورد. رێکخەر و ئەندامانی ئەو کۆمیتەیەی کە لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا نوێنەرانی UN یان بینی شایانی رێزلێنانن. کەچی زۆر بە داخەوە، رێکخەری سەرەکی خۆپیشاندانەکە لە 27 ی شوباتەوە لە لایەن ئاسایشی سلێمانیەوە گیراوە و تا ئێستاش نادیارە. من گومانم هەیە لەوەی کە جەنابتان لەم مەسەلەیە ئاگادار کرابنەوە. هیوادارم گومانەکەم بنچینەیەکی دروستی هەبێت.

ئاشکرایە کە رووداوەکانی ئەم دواییە تەواوی کوردی خستۆتە ناو گێژاوەوە. دیارە رۆڵی سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد لەم کاتە ناسکەدا ئاسان نیە و زۆریش گرانە. هەر بۆیە پێویستە سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد زۆر هۆشیار و ووریا بن. بیرتان نەچێت کە لە روانگەی جیهان ئێوە نوێنەری میللەتن و وتە و بڕیارەکانیشتان چارەنووسی نەتەوەکەمان دیاری دەکات.

هەواڵی گرتنی ئەبوبەکر حەسەن راستیەکی تاڵمان پێدەڵێ ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم بنچینەیەکی دیموکراسی نیە و گوزارەش لە خەون و ئاواتی نەتەوەی کورد ناکات. هەربۆیەشە زۆربەی کورد باوەڕی بە سەرکردەکانی نیە. نەبوونی ئەو باوەڕە لە لایەک و بێهیوایش لە بەرامبەر سیاسەتی ئەمریکا لە لایەکی دیکە، مرۆڤی کوردی ئابلوقە داوە بە هەستی بێدەسەڵاتی و خۆنزمبینی. سازدانی خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بەو بارودۆخە ترسناکە سادەترین مافە لەبەردەم مرۆڤی کورددا ماوەتەوە. کەچی گرتنی ئەبوبەکر حەسەن ئەوەمان پێدەڵێ کە ئێوە ئەو مافەشی لێدەسێننەوە.

با لەخۆمان بپرسین بۆچی ئاسایش بڕیاری ئەبوبەکر حەسەنی داوە و لە 27ی شوباتەوە بێ سەروشوێنی کردووە؟ ئایا کار و وتەکانی دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەکەی بوو یا دژ بە سیاسەتی حکومەتەکەی؟

ئەگەرچی لە چاوپێکەوتن و راگەیاندنەکانی ئەم دواییەتان، ئێوە تۆنی قسەکانتان گۆڕاوە، بەڵام رێککەوتنی نهێنی و بەرژەوەندی تایبەتیتان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا ناچارتان دەکات هەنگاوی دژ بە بەرژەوەندیی

میللەتەکەتان بنێن. تەنانەت لەیەکێ لە ئاخاوتنەکانی مانگی رابرووتان، جەنابتان تورک بە (رزگارکەر) ناو دەبەن و لە چاوپێکەوتنێکیشتان لەگەڵ Gulf News 03. 02. 03 هەردوو شاری کەرکوک و موسڵ بە شاری عەرەبی دەناسێنن.

من تێدەگەم کە باری ژیۆپۆلیتیکی کوردستان بواری هەڵبژاردنی (اختیار) لەبەردەم سەرکردەی سیاسی کوردی نەهێستۆتەوە و فەزای ئازادی لێ تەسک کردۆتەوە. بەڵام ئەمە مانای وا نیە لە رەفتاری سیاسیتاندا لەگەڵ دوژمن دڵسۆزی و هەڵوێستی ئەخلاقی بنوێنن بە رادەیەک کە دڵسۆزیتان بۆ دوژمن زیاتر بێت لە دڵسۆزیتان بۆ میللەتەکەتان. دەبێ ئێوە دڵنیا بن کە تورک هەرگیزا و هەرگیز نابێتە (رزگارکەری) کورد و تا بۆی بلوێت برەو بە سیاسەتی قڕکردنی کورد و وێرانکردنی کوردستان دەدات. پێویستە هەڵسوکەوتی سەرکردە سیاسیەکان لەگەڵ تورکیا هەردەم لەو دڵنیایەوە بناغە بگرێت. رێکخستنی خۆپیشاندان و سووتاندنی ئاڵای تورکیش لە لایەن هاوڵاتیەکی دڵسۆزەوە نەبنە هۆی گرتن و زیندانیکردنی کەسەکە.

کاتێ میللەت هۆشیار دەبێتەوە و بۆ نارەزایی دەربڕین دژی بڕیارێکی سیاسی دێتە سەر شەقام. ئەگەر ئێوە گوێی لێنەگرن و وەڵامی داواکاریەکانی نەدەنەوە. ئەوە ئێوە لە کۆتایی نزیک دەکاتەوە: کۆتایی پیشەی سیاسیتان. بەردەوامبوون بەبێ گۆڕانکاری لە ستراتیژیەت و هەڵوێستی سیاسیتان نمونەی دیکتاتۆری وەکو فرانکۆ و چاوچیسکۆ تان لێدەخاتەوە.

لەگەڵ رێزمدا
دکتۆرە نەزەند بەگیخانی
فەرەنسا، مارتی 2003